دێرین
ژمارە (7) سێشەممە 2006/12/5
سەرپەرشتیاری لاپەڕە: تریخان



چیمەن حەمە صالح

## دیمانەیەک لەگەڵ چیمەن ساڵح

# دەربارەی مافەکانی ژنان و بزوتنەوەی ژنان

**دیدار ستیڤان شەمزینانی**

ستیڤان/ سیاسی و ئایدۆلۆژییانەوە هەست بەوە دەکرێت ئەم ڕێکخراوانە زیاتر کۆمیتەیەکی حزبین بۆ لەقاڵبدانی ژنان لە چوارچێوەی تێفکرینی حزبدا، بەم حاڵەوە دەتوانین بڵێین لە کوردستان بزوتنەوەی ژنان هەیە کە خاوەنی دیدگایەکی ژنانە و فێمینستانە بێت؟

چیمەن حەمە ساڵح/ بزوتنەوەی فێمنیستی لە جیهاندا بزوتنەوەیەکی ناسراوە مەرج و ئاکارەکانی دیارن چەندان کتێب و نوسراوەو بابەت و ڕووداوی دنیای لەسەرە و لەمەرجە هەرەسەرەکییەکانی یەکسانی ڕەهایە و لەو تەوەرەدا ئامانجەکانی ڕەنگ ڕێژکردووە، من پێموانییە هیچ لە ڕێکخراوەکانی کوردستان ئەو مەرجەیان لەسەر جێبەجێ بووبێت، بڕواش ناکەم خۆشیان ئەگەر لەسەر داواکانی بزوتنەوەی فێمینستی وردبوبینەوە بە بوێریەوە داکۆکی لەوە بکەن کە ئەوان ئەو مەرجانەیان گرتووە و کاریان پێکردوە.

جگە لە بنەماو پێکهاتەی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان کە زیاتر دەستکردی دەستی حزبی سیاسین، کە دوورنیە خەڵکانی بڕیار بەدەستیان تێدا بێ گاڵتەیان بەیەکسانی ڕەگەزەکانی نێوان کۆمەڵگا بێ و گەلێکیشیان ژیانی کۆمەڵایەتیان بەیاسا دواکەوتووەکان بەڕێوە ببەن و، جگەلەوەی کۆمەڵگای ئێمە بەژن و پیاوەوە دوچاری دووروویییەکی زۆر بووە و ڕێگای لەبەرەوە پێشەوە چوون گرتووە، لە نێو ڕیخراوەکانی ژنان و ئافرەتانیشدا هەروەکو پیاوانی سیاسەتمەدار و بەرپرس جێگەی خۆی گرتۆتەوە.

بۆیە حزبە سیاسیەکان ڕێکخراویان هەیە بەناوی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لەناو ئەو بازنەیەشدان کە حزبی تێدایە تەنانەت زۆرجار دەبینین پیاوە چەند ژنەکان هیچ لاریان لەو ڕێکخراوانە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا لەناو ژنان و پیاواندا بیری یەکسانی پەروەری و ئازادی مرۆڤ هەیە خەباتکاری چاکیش هەیە بەڵام بێدەسەڵات و کەمینەن.

ستیڤان/ گومان لەوەنییە چەوساندنەوەو هەڵاواردنی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە و تایبەت نییە بە کۆمەڵگە و کلتورێکی دیاریکراو. بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەم چەوساندنەوەیە زۆر زەق و دیارە و فۆرمێکی بێڕەحمانەی بەخۆوە گرتووە، ئایا کاری ئەولەوی و هەرە گرنگ چییە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە چ ئەوەی دەکەوێتە سەر ڕێکخراوەکانی ژنان چ ئەوەی دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەسەڵات؟

چیمەن ساڵح/ لەبارەی هەڵاوردنی ژنانەوە، دیارە واقعی مێژوویی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی سەرەکییە لەوە، بیرمان نەچێ تا مێژویەکی نزیکیش بەشێکی زۆرکەمی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا توانیویانە بەبێ ئەوەی پشت بەسەرچاوەی دارایی پیاو ببەستن بژین. هەربۆیەش هەست و نەستی زۆرینەی هەرە زۆری مێینە هەر بەرەو ئەو ئاراستەیە بووە کە مرۆڤی پلە دووە، هەموو عورف و عادەتەکانیشی بەپلە دوویان هێشتۆتەوە بە یاسای ژیانیش بەوجۆرە بەڕێوە چووەکە پلەداری بکات پلە نزمەکان دەکەونە ژێر زەبرو زەنگ و هەرەشەوە و بڕوایان پێ نادرێت کە گرنگ بن لە بەڕێوەبردنی ژیاندا و بەوپێیە دەچەوسێنەوە، بەبینینی خۆم کە چارەسەر لە تێروانینی مرۆڤدۆستانەدا دەبینم و پێموانییە بەبێ ڕۆشنبیری مرۆڤ دۆستی و گێڕانەوەی ڕێز و شکۆ بۆ مرۆڤەکان بەهەردوو ڕەگەزەوە بەدی دێ، لەوەشدا گەلێك لایەن هەیە کەبەرپرسن، باشتروایە لە سیستەمی پەروەردەییەوە سەرچاوەی هوشیاری دروست بکرێ و لەڕێگای میدیاکان و کۆمەڵگای مەدەنی کۆشش بۆ گۆرانی کۆمەڵایەتی بکرێ و لێرەوە تاکەکان و ڕۆشنبیران و دەسەڵات لەسەرووی هەموو لایەکەوە دەبێ بەبەرپرس..

ستیڤان/ ژنانی کوردستان لەژێر توندترین چەوسانەوەی کلتوریدان بەئەندازەیەك ژمارە گەلێکی زۆریان پەنادەبەنە بەر خۆکوشتن و خۆسووتاندن، تەنانەت خۆسووتاندن بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئەگەر ئاگر پەیامێکی پێیە ئەو پەیامە چییە؟ ئایا گوزارشت لەدرەندەیی کلتوور دەکات یان لاوازیی و پاسف بوونی کەسێتی ژنی کوردە؟

چیمەن ساڵح/ بەڵێ ژمارەیەکی یەکجار زۆری مێینە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەژێر زەبروزەنگ و توندو تیژیدان، پەنا بردن بۆ ئاگر لەبەر ئەوەیە کە پەنای تر نییە بۆ ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن تەنانەت یەکتریش پەنا نادەن، لەم ماوەیەدا دوو کچ لە دەڤەری خۆمان خۆیان سووتاند، هۆکارەکەی ئەوە بوو کە کچێکیان نهێنیەکی زۆر ئاسایی خۆی کە کوڕێکی خۆش دەوێ لای کچەکەی تر باسکردبو دەستە خوشکی بوو، ئەو ئەو کچە چوو بوو ئەو رازەی کچەکەی لای دایکی باسکردبوو، دایکی بە گوندەکەیاندا بڵاوی کردبۆوە و لە ئەنجامدا کچەکە خۆی سووتاند و ئەوەی کە نهێنیەکەی درکاندبوو ئەویش لەتاوی ئەویتر خۆی سووتاندوو بەر لەویش مرد، لەم هەواڵەدا کە بەدەق ڕاستە سێ مێینە هیچ شتێکی مەترسیداریان نەکردووە و خۆشیان کردووە بەخەڵوزو خۆشیان پەناگە نەبوون بۆ یەکترو سەرەتا کێشەیان بۆ خۆیان دروست کردووە، دیارە لێرەدا دوو هۆکار تێکەڵاو دەبێ (بێدەسەڵاتی +دواکەوتن) بێدەسەڵاتی کەسەکە کە مێینەیە بەرامبەر « خێزان + کۆمەڵگا » چونکە لە کۆمەڵگای دواکەوتویی ئێمەدا نە خێزان و نە کۆمەڵگا هاورازی تاکەکان نین، بەڵکو لە بەرامبەردان هەر کاتێك کارێکی دروست کرد کە بە پی ێ پێوەدانگە مەرج قورسەکان کە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دەبەنە دەرەوە عەیبەی لێکەوتەوە. مێینەش هەموو عەیبەکانی لێ کۆبۆتەوە.

ئینجا دواکەوتویی کۆمەڵایەتی وایکردووە کە پانتایی ژینگە زۆر تەسك و کەم بێ پەیوەندی کۆمەڵایەتیش بەدیلی نەبێ لە بەر نەبوونی دام و دەزگای مۆدێرن و پێشکەوتوو. من پێم وایە هەندێك لەوانە لاوازیشن بۆیە بەو شێوەیە هەر چارەسەر لە گری ئاگردا دەدۆزنەوە پێشم وانیە پەیامێك بێ جگە لە خۆ دەرباز کردن لە ژیانێك کاتێك هەر چوار دەوری مرۆڤێکی لاواز و بێ دەسەڵات بوو بە درندە واتە هەردوو هۆکارەکەیە.

ستیڤان/ بە دەر لەوەی کەلتوری کوردەواری ڕووبەرێکی بەرفراوانی تیایە بۆ بێ بایەخ کردن و چەوساندنەوەی ژن بەڵام یاساکان بە تایبەتی یاسایی باری کەسێتی ئەم چەوساندنەوەیە لە فۆرمێکی یاساییدا ڕەوایی پێدەدەن، ئایا گۆرینی یاساکان چەند کاریگەرە لە ئاستی دابین کردنی مافەکانی ژن ؟ ئاخۆ گۆرینی یاسا بە بێ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا دەبێتە فاکتەرێك بۆ پاراستنی ژن لە هەرەشەی چەوساندنەوە و دواتریش یەکسان کردنی لەگەڵ پیاودا؟

چیمەن ساڵح/ ئەگەر بتەوێ کۆمەڵگایەکی خۆش گوزەران دروست بکەی و بە یەکسانی و دادپەروەرێتیدا بەر قەرار بێ بێگومان ئەبێ لە چوار چێوەی یاساکان بەرژەوەندی هەموو تاکەکان چەسپێنرا بێ بەڵام بەر لە یاسایش هۆشیاری کۆمەڵگا هەیە، یاسایی باری کەسێتی گەلێك لەو شتانەی حەڵاڵ کردووە کە ژیانی ژنان ناگوزەران دەکات و ئەگەر بە ڕاستەقینە بدوێین و لە ژێر هەر کاریگەریەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سۆزیدا بە بێ هیچ یەکێکیان پێی ڕازی نین، بەڵام با بشپرسین ڕێژەی چەند لە مێینەکانی گۆمەڵگای ئێمە دەزانن کە یاسایی باری کەسێتی چی تێدایە ؟!!

خوێندەواری و ڕۆشنبیری و گلوبەلازەیشن و میدیا بەردەوام، بە پلەیەك کاری کردۆتە سەر ژنان و کچانی هەموو کۆمەڵگاکان و ئایا کاریگەریان لە ئەوانی ئێمە هەبووە، لە ڕووی ڕۆشن کردنەوەی فیکرەوە، ئایا ئەوانەی تا ڕادەیەك توانیویانە خۆیان لە کۆت و بەندەکان دەرباز بکەن چەند هەست بە بەر پرسیارێتی دەکەن بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە بەرامبەر ئەو ڕێژە بەرزەی کە زۆر نەخوێندەوار چەوساوەیە ؟؟؟ ئایا ڕۆژێن دەهێلی ژنێکی هەژاری نەخوێندەوار بچێتە بەردەم دادگا و بتوانێ بە بێ سەر ئێشەی زیاتر لەو کێشەیەی کە هەیەتی ڕزگاری بێ لە کێشەیەك « ئەوە لە کاتی بوونی هەقیشدا بە پی یٚ یاسا » ؟؟؟ بێگومان یاساکان پێویستیان بە گۆرینە بەڵام جگە لە یاساکان دەبێ کەسانی زۆر هەبن خەبات بکەن لە پێناوی گۆرینی یاسا و بەرز کردنەوەی هۆشیاریدا.

ستیڤان/ ئەگەر بە زمانێکی سادەو کەمێك تەقلیدی ئەو پرسیارە بکەین داخۆ چارەنووسی ژنی کورد بە کوێ دەگات ؟ ئایا ئاسۆی بزوتنەوەیەك دەرکەوتووە تا ژنی کورد لەم میحنەتە ڕزگار بکات یان دەبێت چاوەڕێی گلۆبالیزەیشن و کاریگەری دەرەکی بزوتنەوەی ژنانی دنیا بکات تا بیتوانێ کەمێك لەو خەباتە سوود مەند بێت ؟

چیمەن ساڵح/ ئەگەر باس لە دەرباز بوون بکرێ دیارە کارێکی ئاسان نیە چ لەمەودای کاتدا و چ لە مەودای کاردا. ئەگەر ئەو دوو مەودایە زۆر کورت بکرێتەوە ئە وا لە خەونێك دەچێ... بەڵام دیارە هەرچۆنێك بێ دەبێ هەر هەنگاو بەرەو دەرباز بوون بێ. من پێم وایە هەندێکی زۆر لە کێشەی مێینە لە کۆمەڵگاکەمان بە هیز چارەسەر دەبن، ئەو هێزەش لای دەسەڵات و حکومەتە دەبێ بە هەر شێوەیەك بێ پارێزگاری بۆ ئەو ژنانە دانێ کە لەبەر هەرەشەدان، چونکە بە هێز و بە چەك هەرەشەیان لی دەکرێ هەرەشە کەرەکانیش وا زوو دەست بەرداری چەکەکانیان نابن بۆیە دەبێ هێزێکی تری دژیان بێ‌و بەرگری لەو هەموو مرۆڤە بکات کە ژمارەیان زۆر زۆرە و ئەوە دەخوازێ کارێکی وا بکرێ.

ئینجا هۆشیاری کۆمەڵایەتی هیچ نەمێنی نەکرێ بۆ گۆرین و بەرز کردنەوەی لە ناو گشتی کۆمەڵگادا بە ژن و پیاوەوە ئەوەش دەبێ لە هەموو هۆیەکانەوە کاری بۆ بکرێ لە لایەکی ترەوە دەسەڵات بێ‌و خۆی بە بەر پرسی هەرە سەرەکی دابنێ و سەیری ژنێك و دووان نەکات و سەیری تەواوی پێگەی ژن بکات لە کۆمەڵگادا لە هەمووی گرنگتر دەبێ نەوەی نوێ جیاواز بن لە ڕۆژەوە کە لە دایك دەبن چوونە خوێندنگاکان و هەموو بەرنامەی خوێندن و پەروەدە جیا بێ و بە تەواوی زەمانەتی گۆران بە نەوەی نوێ بدرێ کە مرۆڤ بێ و نە بێ بە قوربانی.

---

# لەیلا زانا و سەرەتایەکی نوێی خەبات

**ستیڤان شەمزینانی**

سەرئەنجام پاش ئازاد بوونی لە زیندان ژنە تێکۆشەری کورد (لەیلا زانا) بڕیاری تەڤگەرێکی سیاسی نوێ دابمەزرێنێت بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی گەلی کورد لە باکوری کوردستان (زانا) بەم هەنگاوەی توانی قۆناغێکی نوێ لەخەباتی سیاسی خۆی دەستپێبکات کە بریتیە لە خەباتێکی مونسەجیم وئۆرگانیزکراو ڕێبەرایەتی کردنی تەڤگەرێکی سیاسی.

ئەمەش وەڵامێکی دەقاودەق و ڕاستەوخۆی هەموو ئەوانە بوو کە پێیان وابوو(زانا) بەتەنیا ژنە کوردێکە لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی، لە زیندان نراوە و هیچی ترو بەبێ بایەخی تەماشای هەڵسوراوانی ئەم ژنەیان دەکرد، بەڵکو ئەوانە پێیان وابوو ئەوەی هەیەو ڕوو دەدات لەباکوری کوردستان تەنیا وتەنیا(pkk) وئۆج ئالان ڕێبەرایەتی دەکەن.

گرنگی ئەم هەنگاوەی (زانا) لەگەڵێك ڕووەوە جێگەی سەرنج و خوێندنەوەیان ، چونکە ئەوە بۆ یەکەمین جارەلە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورددا ئافرەتێکی کورد بتوانێت بەو وزە و توانایەی خۆی ڕێبەرایەتی بزوتنەوەیەکی سیاسی وجەماوەری بکات و پێشرەوی دامەزراندنی پارتێکی سیاسی بکات، بەتایبەتی کە ئەرکی بنەڕەتی ئەو پارتە بریتی بێت لەداکۆکی کردن لە گیان و بوون و مافی نەتەوەیەکی ستەم لێکراوی وەك کورد و بەگژاچونەوەی هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئاپارتایدوو جینۆساید کردن ، لەوەش گرنگتر ئەم کارە لەژێر چەپۆکی دەوڵەتێکی‌هارو درندەو داگیرکەری وەك تورکیا ڕێچکە ببەستێت، هاوزەمان ئەم کردەیەی (زانا) کەسێتی ژنی کورد و پێگەی ژنی کوردی لەکایەی سیاسەت و تێکۆشانی نیشتمانی‌دا بەرەو ئاستێکی باڵاترو لوتکە هەڵکشان، چونکی (زانا) بەو بڕیارەی توانی وەك مێینەیەك سنور تەلیسمەکانی کۆمەڵگەی باو ببەزێنێت، بەڵکو بەو پەڕی بوێری و لەخۆ بردنەوە دەست بۆ کاری لەم جۆرە ببات.

لە ڕەهەند و گۆشەنیگایەکی تریشەوە (زانا) بەم هەنگاوەی دەبێتە سیمبولێکی هێجگار دیارو ناسراوتری خەباتی کوردایەتی و وا دەکات کە پرۆسیسی بەتەوتەمکردن و پەرستنی کاریزمای ئۆج ئالان ڕوو لەکزی بکات، چونکە تا هەنوکە(ئۆج ئالان) تاکە سەرکردەو و سیمبولی کوردە لە باکورو لە غیابی نەبونی سەرکردەی تری دەرکەوتوودا، زۆربەی جار بەبێ خواست و ویستی خودی (ئۆج ئالان) کەسێتیەکی پێغەمبەرانەی پێبەخشراوە و ئەفسانەی جۆراوجۆری بۆ داتاشراوە و کراوەتە قارەمانێکی نمونەیی و بێهاوتا.



لەیلا زانا

بەڵام لەم ساتە بەدواوە کەسێتی (زانا) دەبێتە ئەو کەسێتیەی کە بەشێکی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردی لەو پارچە داگیرکراوە دەکەوێتە سەرشان و هەروەها دەبێت (زانا) خۆیشی حساب بۆ ئەمە و ئەو کۆسپ و ڕێگە پرتەگەرەیە بکات ئەمجارە وەك سەرکردەیەك و ڕێبەرێکی بزوتنەوەیەکی سیاسی بەرفراوان لەبەردەمیدا دەبنە ئاستەنگ، هەرچەندە ئێمە گومانمان لەخۆبوردویی و ماندو نەناسی (زانا) نییە چونکە (١٠) ساڵ زیندانی بوون و هەڵوێستەکانی لە زیندا ئەوەی کردە ئەم سومبولەی ئەورۆکە .

لەلایەکیتریشەوە بڕیاری دامەزراندنی ئەم تەڤگەرە نوێیە لەم ئان و ساتەدا بڕیارێکی زۆر حەکیمانە و واقیعیانەیە، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە تورکیا دەیەوێت لە ڕێگەی کرۆمەڵێك چاکسازیەوە لە نێوانیشیاندا نواندنی هەڵوێستی نەرم لەبەرامبەر کورد بکاتە میکانیزم و فاکتۆر بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا.

بەڵام پێویستە (زانا) و تەڤگەرە سیاسیە نوێیەکەی بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورد بکەن ، بتوانن دۆزی کورد لەو بەشە داگیرکراوەدا لەچارەسەرکردن نزیك بێتەوە و گێچی مافەکانی کورد بەرزبێتەوە تا دواجار دەرفەت لەبەردەم مافی چارەنووس دەکرێتەوە، هەروەها پێویستە ئەم تەڤگەرە دوورە پەرێزی بگرێت لەهەمان ئەو هەڵانەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان لە کاتی خۆیدا کردوێتی و ئێستاشی لەسەر بێ لەسەر هەندێك تێروانینی هەڵە بەردەوامە کە ئەمەش کاریگەری نەریتی کردۆتە سەر باوروەخی سیاسی و چارەنووسی گەلی کورد لە باکووری کوردستان .

ئێمەش لە باشووری کوردستان چاوی هیوا و ئومێدیان بڕیوەتە دەستکەوتەکان و تەڤگەرەکەی زانا و چاوەڕوانی سەرکەوتنی گەورەو بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردیان لێدەکەن .

---

# موچەی خانەنشینی‌و پێشمەرگەی ژن

**چالاك عەبدوڵلا**

دوای ئەوەی بڕیاری خانەنشینی پێشمەرگە دێرینەکان کوردستان بەپێی ساڵی خزمەت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە درا، کەبەشێکیان موچەکانیان باشە، هەرچەندە ئەمەش هەندێ کەسی ناشیاوی تێکەوت، کەوەك باسدەکرێ جاش یابەرهەرشێوەیەك لەخزمەتی ڕژێم دابوون، هەروەها لەگەڵ بڕیاری خانەنشینی پێشمەرگە ئەو بڕیارە بەشێك لەژنانی شاخیش گرتەوەو موچەیان بۆ دیاریکرا، بەڵام چ موچەیەك، بڕی (٦٠٠٠٠) هەزار دینار بۆ هەر یەکیان بەبێ جیاوازی وەك (ڕێژەی نەگۆڕ)، بەتایبەتی ئەوانەی چەندین ساڵ پێشمەرگە بوون، وەك ئەوانەداندران کەتەنیا بەسەردان هاوینان یان ئەوتا لەکاتی ترس‌و ڕەشبگیرییەکان بۆ ماوەیەك دەچوونە لای هاوسەرە پێشمەرگەکانیان.

ژنانی شاخ وەکو سەرەتا کە چۆن پێشمەرگە خانەنشین کراو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی تێڕژا بەبێ ئەوەی پێشمەرگە بن بەڵکو چەکداری ڕژێمیشی تێکەوت. بەهەمان شێوە ژنانی شاخیش بێ بەش نەبوون لەم کەموکوریەو بەشێکی باشیش کەوتنە ناو ڕیزەکانی ژنانی شاخەوە، بە حوکمی ئەو ناسنامانەی کە بۆ خانەنشینی پێشمەرگە دەکراو ناسنامەکانی مێردەکانیان بۆیان دیاری کرابوو بەخانەنشینی. ئەمانیش بەهەمان شێوە داواکاریان پێشکەش کردوو بۆیان کرا ئەویش بە دوو هۆ:

١. لەسەرەتاوە لە ڕێگەی ژنانی شاخەوە زۆری یەکتریان نەدەناسی و ژنە پێشمەرگەکانیش زۆربەیان پێشمەرگە پیاوەکانی سنورەکانی تیپەکانیان نەدەناسی.

٢. بەهۆی ئەوەی ژنە پێشمەرگەکانی سەرپەرشتی کاری ژنەکانی شاخ بەهۆی بوونی بەڵگەی خانەنشینی مێردەکانیان کە بۆیان کرابوو.

ئەمەش بوە هۆی ئەوەی بەشێکی باش بکەوێتە ناو ڕیزی ژنە پێشمەرگەکانی شاخەوە هەربۆیە ئەو ژمارە زۆرەی لێدەرچوو بۆ خانەنشینی ژنە پێشمەرگە. لەڕاستیدا ئەو ژمارە زۆرە ژنە پێشمەرگە نەبوو ساڵی ١٩٨٤ کە گفتوگۆی ڕژێم و(ی.ن.ك) بوو پارە خەرج کرا بۆ پێشمەرگە بۆ ژن هێنان ئەمە وای کرد کۆمەڵێك پێشمەرگە ژن بهێنێ و لەگەڵیدا بێت، لە ناوچە ئازادەکراوەکاندا پێش ١٩٨٤ زۆربەی تیپەکانم بینیوە کە پێشمەرگەیەکی کەمان هەبوو تەمەنی هەبێت و خێزاندار بێت، بۆ نموونە لە دوو تیپی کەرتی ٥٧ی سەرگرمە (١، ٢) نزیکەی ٢٠ پێشمەرگە خێزاندار بوو، ئەگەر هەموو تیپەکان‌و کەرتەکان لێك بدەینەوە ناگەنە ئەوەی هەزار ژنە پێشمەرگەی شاخی تێدابێت. دەبوایە ژنە پێشمەرگەکانی شاخیش هەوڵیان بدایە بۆ جیا کردنەوەی ئەوانەی شاخ کە پلەیان بە پێی ساڵی خزمەتی پێشمەرگایەتیی بۆ دیاری بکرایە، لەبەر بەرزبونەوەی موچەکەیان، چونکە بەشێك لەم ژنانە مێردەکانیشیان موچەکانیان کەمەو بەشی بژێوی ژیانیان ناکات.

هەندێکی لەوانەیە جیابوبێتەوە لەمێردەکەی‌و شوی نەکردبێتەوە، لەوانەشە خوێنەواری وای نەبوبێت دامەزرابێت‌و تا موچەیەکی ڕەوا وەربگرێت. هەندێکیش هاوسەرەکانیان کە پێشمەرگە بوون‌و لە فەرمانگەکاندان‌و هیچ سوود مەندنەبووە لەپێشمەرگایەتییەکەی‌و موچەی خێزانەکەی هەر کەمە بۆ ئەم ڕۆژە شیاو نیە. لەو باوەڕەدام نزیکەی (٣٠٠-٤٠٠) پێشمەرگە لە فەرمانگەکاندان‌و سوود مەندی پێشمەرگایەتی نین بۆ موچەکانیان. لەو لاشەوە(٦٠٠٠٠)هەزار دیناری خێزانەکەی بەچی بدات؟ لەوانەشە تێیدابێت ژنە لێپرسراو بێت بەپێی دیاری دەزگاکان خانەنشین کراون ، بەڵام زۆربەیان بەش خوراو بوون بۆیە لەسەر خوشکە ڕوناك و ژنە پلەدارەکانی ناو دەزگاکان پێویستە هەوڵبدەن بۆ چارەسەری موچەی ژنە پێشمەرگەی کارا بەپێی ساڵی خزمەت.